# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٧ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل لیزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات، بایەخ بە توێژینەوەی ڕەسەن و پێشکەوتوو لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا ، فۆلکلۆر، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی کردەکی، توێژینەوەی بەراوردکارانە، نێوان بوارە زانستییەکان، فەرهەنگناسیی کوردی، کولتووری کوردی بەگشتی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕەسەنەوە، بایەخێکی زۆر بە کێشەی زاراوەسازی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەدا. ئەم گۆڤارە توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، درێژەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردییە کە پێشتر لە سەردەمی کۆڕی زانیاری کوردیدا دەردەچوو، چەندان نووسەر و توێژەری پێشکەوتووی کورد کاریان تێدا دەکرد و بەرهەمی ڕەسەنیان تێدا بڵاودەکردەوە.

ئەمرۆش، ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕوانینی ڕەسەن و وردەکارانەوە، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئاستی توێژینەوەی زانستی لەو بوارانەدا، درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، خواست و هیوای زۆری هەیە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گەشە بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژینەوەی کوردی بدات، بە تایبەتی لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەپێوی ئاستێکی ئەکادیمیی جیهانی بەدەست بهێنێت. ئامانجی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و پێشکەوتووە، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو بووەتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:

Web: journal.ka.gov.krd


* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

# مجلة الاكاديمية الكوردية

العدد ٦٧ – ٢٠٢٦
مجلة علمية فصلية

(رئيس الاكاديمية الكوردية و صاحب الامتياز)
**حەمەسەعید حەسەن**

رئيس التحرير
**أ. د. محسن احمد عمر**

مدير التحرير
**د. بخشان فهمي فرحو**

هيئة التحرير
أز د. قيس كاكل توفيق
أ. د. بختيار سجادى
أ. د. فرهاد قادر كريم
أ. م. د. احمد محمد مام عثمان
أ. م. د. عبدالواحد ادريس شريف
أ. م. د. نوزاد احمد اسود
د. لزكين عبدالواحد احمد

هيئة المستشارين
أ. د. ميشيل ليزنبيرک
أ. د. مارتن فان برونسن
أ. د جليل جليلى
أ. د. سالح اكين
أ. د. جعفر الشيخ لاسلامى
أ. د. عبدالرحمن اداک
أ. د. هاشم احمدزادة

اربيل/ شارع هەلەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

## مجلة الأكاديمية الكوردية

هذه مجلة علمية موسمية تصدر عن الأكاديمية الكوردية. تسلط الضوء على الأبحاث الأصيلة والمتقدمة في مجالات اللغة والأدب والتاريخ والجغرافيا والفلكلور وعلم الاجتماع والفلسفة والعلوم التطبيقية، بالإضافة إلى الدراسات المقارنة والمتعددة التخصصات. تولي مجلة الأكاديمية الكوردية أهمية كبيرة لمسألة المصطلحات في جميع هذه المجالات، لا سيما من خلال نشر الأبحاث الأصيلة. تنشر المجلة بحوثا بالكوردية والعربية والإنجليزية. وهي امتداد لمجلة المجمع العلمى الكوردي، التي كانت تصدر سابقا في إطار هذا المجمع. وقد ساهم فيها العديد من المؤلفين والباحثين الكورد المعروفين ونشروا أعمالا أصيلة.

تواصل هذة المجلة المهمة نفسها من خلال إثراء وتحسين مستوى البحث العلمي في جميع المجالات. يهدف مجلة الأكاديمية الكوردية إلى رفع المستوى العلمي والأكاديمي للبحث الكوردي في المستقبل القريب وتحقيق شهرة دولية من حيث الفهرسة. ولذلك، فإن هدف المجلة هو نشر بحوث علمية مبتكرة ومتقدمة للغاية. نشرت العدد الأول من المجلة في سنة ٢٠٠٢. مجلة الأكاديمية الكوردية معتمدة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان ومعترف بها للترقيات العلمية.


* منسق شؤون المجلة: ئيمان نەجات ئاغۆك
* اخراج الفني: هەرێم عوسمان
* موقع مجلة الأكاديمية الكوردية:


Web: journal.ka.gov.krd

* البريد الكتروني: journal@ka.gov.krd
* موبايل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٥/١٢/٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٦/٣/٢٩

# بەربەستی داب و نەریت لە بەردەم پێدانی مافی میراتی ڕەگەزی مێ لە کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردستان

## (توێژینەوەیەکی مەیدانیی شیکاریی مێژووی یاسا و ئەنتڕۆپۆلۆژیای یاساییە)

د. حبیب مصطفی ابراهیم
بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران
habeeb.ibrahim@soran.edu.iq

پ.ی.د رضوان شریف صالح
بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن
rdhwan.salih@soran.edu.iq

پوختە

وەرگرتنی بەرکەوتەی میرات ئەو مافەیە کە بەپێی یاسا بۆ هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ جێگیرکراوە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی، بەڵام لە کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردستان، بەهۆی پەیڕەوکردنی داب ونەریت، ڕەگەزی مێ لەو مافە بێبەش بووە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لە ڕوانگەی مێژووی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی ئەوا ڕۆڵی داب ونە ریت لە بارەی دابەشکردنی میرات لە کۆمەڵگەی کونی کوردیدا ڕوون دەکاتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ژمارەیەک لە گوندەکانی کوردستان لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم، بە ئامانجی خستنەڕووی هۆکارەکانی بنیاتنەری بەربەستی داب و نەریت لە بەرەدم پێدانی مافی میرات بە ڕەگەزی مێ لە کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردستاندا. ئەم توێژینەوەیە بە گرتنەبەری میتۆدەکانی شیکاری، مێژوویی، و مەیدانی، بەسود وەرگرتن لەسەرچاوەی پێویست و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەک لە خەڵکی گوندنشین، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دابەشکردنی میرات بە تەواوی بەستراو بووە بە دوو هۆکار: سروشتی خێزان و سیستەمی ئابووری گوند، کە هەردووکیان لە ژێر کاریگەری کولتووری باوکسالاری تێکهەڵکێشی یەکتر و بنیاتنەری بەربەستی داب و نەریت بوون لە بەردەم ڕەگەزی مێ بۆ وەرگرتنی بەرکەوتەی میراتی.

وشە سەرەکییەکان: میرات، ڕەگەزی مێ، باوکسالاری، داب و نەریت، کۆمەڵگەی گوندنشین.

## پێشەکی

میرات ئەو سامانەیە کە لە دوای مردنی کەسێک بۆ خزمەکانی بە جێی دەمێنێت و لە هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی یاساکان یان داب و نەریتیان دابەش دەکرێت بۆ سەر خێزان و بنەماڵەی کەسی کوچکردوو. پەیوەست بە داب و نەریت کە بە سەرچاوەی نەنووسرای یاسا دادەنرێت، ئەوا بە درێژایی ڕۆژگار ڕێساکانی لە نێو خەڵکدا تایبەتمەندی پابەندکەر وەردەگرێت لە بەر ئەوەی هۆکارن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، یەکێک لەم پەیوەندییانە بابەتی دابەشکردنی میراتی کەسی کوچکردووە لە نێوان خزمانیدا. لەبەرئەوەی داب و نەریت هاوتەریب لەگەڵ یاسا بەرکارەکان، کاریگەری خۆی هەیە لە ڕێکخستنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا، بۆیەش ناکرێت پەیڕەوکردنی داب و نەریت لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەر چاو نەگرین. ئەم پەیوەندییە دوولایەنەی نێوان یاسا و داب و نەریت بە شێوەیەکە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی بنەماکانی یاسایی دەبێ خوێندنەوەمان هەبێت بۆ ڕۆڵی داب و نەریت لە کۆمەڵگەدا"( ابن تراب ٢٠١٠: ٩١). بابەتی میرات دەچێتە ناو خانەی یەکێک لە مافەکانی تاک بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە بەپێی یاسای باری کەسیەتی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی١٩٥٩ی هەموارکراوی بەرکار لە هەرێمی کوردستان ڕێکخستنی بۆ کراوە لە ماددەکانی (٨٦-٩١)[1] ، لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی کە لە قورئانی پیرۆزدا، بە تایبەتی لە سورەتی (النساء)، وردەکاری بەرکەوتەکانی هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ لە بارودۆخە جیاوازەکاندا ڕوونکراونەتەوە. ئەم شەریعەتە بەوە جودا دەکرێتەوە بە وردی ڕێکخستنی بۆ بنەماکانی میرات کردووە و ڕەچاوی هۆکارە ویستیەکان و پێویستیە سروشتیە پێکهێنەرەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی کردووە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەرک و مافانەی بۆیان دیاری کراوە ( زەڵمی٢٠٢٤: ١١)، بەڵام لە واقیعدا لەسەر بنەمای داب و نەریت، ڕەگەزی مێ[2] لەم مافەی بێبەش کراوە و تەنیا ڕەگەزی نێر مافی میراتیان هەبووە، بە تایبەت لە نێو کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردستاندا. ئەم دۆخەی بێ بەشبوونی ڕەگەزی مێ لە میرات کە بە هۆی باڵادەستی داب و نەریت هاتووتە کایەوە، لە زۆر شوێنی دیکەی جیهان بەرجەستەیە، بۆ نموونە، لە هەر دوو وڵاتی هیندستان (سالار زایی و صابردوست ١٣٩٣:٤٩-٥١)، و ئەفغانستان (جهیر٢٠٢٠: ٦٥) سەرەرای هەبوونی یاسای تایبەت بە میرات، بەڵام لە نێو گوندنشینانی ئەم وڵاتانەدا، داب و نەریت بە جۆرێک بە هێزە کە یاسای بەرکاری پەیوەندیدار بە میرات جێبەجێ ناکرێت و ڕەگەزی مێ بێبەش دەکرێت لە میرات، و ئەم دۆخەی ڕەگەزی مێ لەم وڵاتانەدا ڕەنگدانەوەی کاریگەری کولتووری باوکسالارییە بە سەر کۆمەڵگەی گوندنشین. پێویستە بگووترێت کە لە کوردستاندا و لەسەردەمی ساڵانی شەستەکان زۆر بە دەگمەن ڕەگەزی مێ بەشە میراتی خۆی وەرگرتووە و لەسەردەمی ئێستادا تا ڕادەیەک بەشی میراتی پێدەدرێت، بەڵام ئەم ڕادەیە لە چوارچێوەی کەمینەیەک دەبینرێت کاتێ زۆرینەی ڕەگەزی مێ تا ئەمڕۆش بێبەش دەکرێن لە مافی

[1] یاسای باری کەسیەتی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی١٩٥٩ی هەموارکراو بە پێی یاسای هەمواری جێبەجیکردنی یاسای باری کەسیەتی - ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨، لە هەرێمی کوردستان بەرکارکراوە کە لە ژمارە (٩٥)ی وەقایعی کوردستان و لە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٣٠ بڵاوکرایتەوە.

[2] مەبەست لە ڕەگەزی مێ بۆ مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەریەکە لە: داپیرە، دایک، ژن، کچ، کچی کوڕ (بەرەو خوارتر)، خوشک، پوورەکان (خوشکی باوک و دایک). بۆ زانینی بەرکەوتەی هەر یەک لە ڕەگەزی مێ، بە پێی یاسای بەرکار بڕوانە ( زەڵمی ١٢:٢٠٢٤).

میرات ( نەجمەدین٢٠٢٢). بۆ تێگەیشتن لەم دۆخەی بێبەشبوونی ڕەگەزی مێ لە بەرکەوتەی میراتیان و دابەشکردنی میرات تەنیا لە نێوان خزمانی ڕەگەزی نێری کەسی کوچکردوو لە نێو گوندنشیناندا، پێویستە باس لەو هۆکارانە بکرێت کە هەوێنی دروستبوونی داب و نەریتی دابەشکردنی میرات بوون.

توێژینەوە لە دۆخی ڕەگەزی مێ، لەم سەردەمەدا یەکێکە لە بابەتەکانی پێویست بە مەبەستی باشتر ناسینی پێگەی ڕەگەزی مێ و فەراهەمکردنی مافەکانی لە کۆمەڵگەکەماندا. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەسەر بنەمای کاریگەری داب و نەریت، لە ڕوانگەی مێژووی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی، لەپێناو تێگەیشتن لە دید و ڕەوشی کۆمەڵگە، ئەو هۆکارانە ڕوون بکاتەوە کە ڕێگر بووینە لەوەی ڕەگەزی مێ بەرکەوتەی میراتی خۆی وەربگریت لە نیو گوندنشینان. بۆ ئەم مەبەستەش، خوێندنەوەی داب و نەریت و کولتوور و چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوندییەکان لە کۆمەڵگەدا، لەژێر ڕۆشنایی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری، هاوکارن بۆ تێگەیشتن لەبارەی دۆخی بێبەشبوونی ڕەگەزی مێ لە میرات. گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دیارخستنی ڕۆڵی داب و نەریت لەم بارەوە لە نێو کۆمەڵگەی گونددا لە ساڵانی شەستەکان کە تێیادا خزمایەتی ڕۆڵێکی پربایەخی هەبووە لە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری نێوان گوندنشینان.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەی بەربەستی داب و نەریتە لە پێدانی مافی میراتی ڕەگەزی مێ لە کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردستاندا، ئەمەش بە تیشک خستنە سەر ڕۆڵی داب و نەریت و کاریگەری سیستەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی لەبارەی بێبەش بوونی ڕەگەزی مێ لە بەرکەوتەی میرات لە نێو کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردستان لە ساڵانی شەسەتەکاندا و هۆکارەکانی ئەم بێبەشبوونەش بخاتەڕوو.

ڕۆڵی ڕەگەزی مێ لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا بەرچاوە، هەر لە قۆناغی سەڵتییەوە و ئینجا قوناغی ژیانیی هاوبەش ئەم ڕۆڵە لە ڕوانگەی یاساوە ئەرک و ماف لە خۆ دەگریتەوە؛ یەکێک لەو مافانە میراتە، بەڵام بە شێوەی گشتی ئەم مافەی ڕەگەزی مێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەرەرای دەستەبەربوونی بە پێی یاسای باری کەسیەتی، بەڵام بە هۆی باڵا دەستی داب و نەریت، ڕەگەزی مێ لەم مافەی بێبەش کراوە بە تایبەت لە کۆمەڵگەی گوندنشین. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بە لێکۆلینەوە لەبارەی کێشەی بێبەشبوونی ڕەگەزی مێ لە مافی میراتی لە ساڵانی شەستەکاندا، لە دیدگای مێژوو و ئەنترۆپۆلۆژیای یاساییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە: هۆکارەکانی بنیاتنەری بەربەستی داب و نەریت چیبوون لە بەردەم پێدانی مافی میرات بە ڕەگەزی مێ لە کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردستان ؟

میتودی بە کارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری، مێژوویی، و مەیدانی لە ڕوانگەی مێژووی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیای یاساییە، بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی پێویست و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی مەیدانی لە بارەی داب و نەریتی دابەشکردنی میرات لە کۆمەڵگەی گوندنشیندا. لەبەرئەوەی یاسا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- کولتوورییە، و لە پێناو گەیشتن بە دەرئەنجامی ڕوون کە ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگە بێت، پێویستە هەم لە ڕووی کولتووری و هەمیش لە ڕووی کۆمەڵایەتی

لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی توێژینەوەکەمان بکەین، کە تێیادا داب و نەریت کاریگەری راستەوخوی هەیە، هەربۆیەش میتۆدی مەیدانی کاریگەر دەبێت، ئەمەش بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن لەبارەی بەربەستی داب و نەریت بەرانبەر بە بەشە میراتی ڕەگەزێ مێ لە ساڵانی شەستەکان لەگەڵ خەڵکی بە تەمەنی ژمارەیەک لە گوندەکانی هەر یەک لە دەڤەرەکانی زێبار و بارزان و سورچی و باڵەکی و دەشتازێ لە قەزاکانی سۆران، ئاکرێ و ئامێدی.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا پێشەکییەکی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەمان باسکراوە. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەبارەی ڕۆڵی سروشتی خێزان لە بنیاتنانی داب و نەریتی دابەشکردنی میرات و بێبەشکردنی ڕەگەزی مێ لە بەرکەوتەی میراتیان، و بەشی سێیەم باس لە کاریگەری سیستەمی ئابووری گوندنشینان دەکات بە سەر داب و نەریتی دابەشکردنی میرات وەک هۆکارێکی تری بێبەشکردنی ڕەگەزی مێ لە بەرکەوتەی میراتیان، و بەشی چوارەمیش دەرئەنجامەکانی توێژینەوە دەخاتەڕوو.

## ١- کاریگەری سروشتی خێزان بە سەر داب و نەریتی دابەشکردنی میرات و بێبەشکردنی ڕەگەزی مێ لە میرات

لەم بەشەدا یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بەردەم پێنەدانی بەشە میراتی ڕەگەزی مێ دەخرێتەڕوو، کە کاریگەری هەیە لە بنیاتنانی ئەو داب و نەریتەی کە ڕەگەزی مێ بێبەش دەکات لە بەرکەوتەی میراتی، ئەویش بریتییە لە سروشتی خێزان. هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بەپێی یاساکانی بەرکار ڕەگەزی مێ بەرکەوتەی میراتی خۆی هەیە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی؛ بەڵام بە گوێرەی داب و نەریتی خەڵکی گوندنشین، لەنێو خێزاندا تەنیا ڕەگەزی نێر ( زۆربەی جار کوڕ) مافی وەرگرتنی میراتی هەبووە، و هاوسەر، کچ ،دایک، و خوشکی کەسی کوچکردوو مافی وەرگرتنی میراتیان نەبووە. داب و نەریت وای دەخواست کە میراتی کەسی کوچکردوو دەبوایە بە یەکسانی لە نێوان کوڕەکانی دابەش بکرێت ( چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرخۆ، و هادی، ٢٠٢٥). پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە بەپێی داب و نەریتی عەرەبە بەدووەکانیش، ڕەگەزی مێ بێ بەش کراوە لە میراتی باوکی خێزان، و کوڕەکان هەر پاش کوچی دوایی باوکیان، میرات دابەش دەکەن، برای گەورە پشکی زیاتری پێدەدرێت، و براکانی دیکە هەموویان پشکی یەکسان وەردگرن ( Chelhod 1971:135). تێگەیشتن لە بارەی هۆکاری پێدانی میرات تەنیا بە ڕەگەزی نێر لە خێزاندا، هانمان دەدات کە لە ناوەڕۆکی سروشتی خێزان بکۆلینەوە، کە لە جۆری خێزانی باوکسالاری بووە (بڕوانە: نوئێل، ١٩٨٤: ١٨٢ و ٢٢٣؛ ڤیلچیڤسکی، ٢٠١٦:٩١-١٠١). سەرەتا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بدەین بە بنەمای کولتووری باوکسالاری[٣] کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خزمایەتی لە بەرەی باوک چونکە لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا بنچینەی خوێنی باوک یاخۆد هەمان هاوخوێنی لە بەرەی خزمانی باوکە[٤] کە بووتە بنەمای پێکهینانی گرۆپی کۆمەڵایەتی هەر لە خێزانەوە تا دەگاتە بنەماڵە و بەرەباب و وەجاخ[٥]. ئەمەش هۆکار بووە بۆ دروستبوونی خێزانی بەرفراوان[٦] کە باوک تێیادا دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە

٣ Patriarcat
٤ Patrilinéaire
٥ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە گرۆپەکۆمەڵایەتییەکان بڕوانە: ( ابراهیم ٢٠٢٠: ٣٠-٤٦).
٦ Famille étendue

لە بارەی ژیان و دارایی ئەندامانی خێزان و ئەرک و مافەکانیان (پانوف و پرن، ١٣٨٢: ٢٣٢-٢٣٣). خێزان لە گشت دەڤەرەکانی باڵەکی و زێبار و بارزان و سورچی و دەشتا زێ لە جۆری خێزانی بەرفراوان بووە لەسەر بنەمای کولتووری باوکسالاری. پێکهاتەی خێزانی بەرفراوان بەم شێوەیە بووە کە پێکدەهات لە باوک و دایک (دایکەکان لە حاڵەتی فرەژنی بە پێی ئایینی ئیسلام) و منداڵەکانیان: کچانی ماڵ و کوڕە بە ژنەکانیان، و نەوەکانیان. لەم جۆرەی خێزان، بە پێی داب و نەریت هەروەک تێبینی دەکرێت ئەندامانی تا سێ نەوە پێکەوە ژیاون (ابراهیم و مەعروف ٢٠٢٥: ٣٢). باوک لە خێزانی بەرفراوان، دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە، ئەو خاوەنی زەوی و زار و مەڕوماڵات، و بڕیاردەر لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەندامانی خێزان بووە. لەم جۆرەی خیزان لەسەر بنەمای باوکسالاری و بایەخی ڕەگەزی نێر، کوڕەکان پەیوەندییان زۆرتر پتەوتر بووە لەگەڵ باوکیان تا هاوسەرییان ( La-bourthe-Tolra et Warnier 2007 :60-61).

فائیزە محەمەد عیزەت (٩٧:٢٠١٤) لە بارەی سروشتی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەنووسێت کە خێزانی کوردیی، خێزانێکی باوکسالاری بووە، بە وردتر بۆ باوک دەگەڕێتەوە، سەرۆک خێزان بە گوێرەی داب و نەریتی کورد خاوەن دەسەڵاتێکی فراوان بووە، ئەو خێزانە لە کۆمەڵگەیەکی کۆچەریی بێت یان گوندیی یان شارستانی بێت. بە پێی چاوپێکەوتنەکانمان، ئەم پێگەیەی باوکی خێزان بە دەستەواژەی 'ماڵخۆیی ماڵێ' گوزارشت کراوە لە دەڤەرەکانی سورچی و زێبار و بارزان و دەشتازێ و باڵەکی کە بە مانای ئەو کەسە دێت کە خاوەنی خانەوادە و هەموو شتێکی خانەوادەیە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبابەکر،٢٠٢٥؛ محەمەد،٢٠٢٥؛ سەلیم،٢٠٢٥).

لە کۆمەڵگەی باوکسالاری، بێجگە لەم دەسەڵاتە ڕەهایەی باوکی خێزان، پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان لەگەڵ خزمانی بنەماڵەکەیان کە لە چەندین خێزانی بەرفراوان پێکدەهات، لەسەر بنەمای هاوخوێنی یاخۆد هەمان خوێنی باوک لە شێوەی تورێکی پتەو و توندوتۆڵ ڕەنگیداوەتەوە لە گشت بوارەکانی ژیان، هەر لە ژن و ژنخوازییەوە تا دەگاتە هاوپشتی کۆمەڵایەتی و ئابووری؛ بۆ نموونە "لە ژیانی کۆمەڵایەتی بارزانییەکاندا پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی پەیوەندیی خوێنی باوک یان هەمان هاوخوێنی زۆر بەهێزە لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەیەک. هەربۆیەش، لە ناو بنەماڵەیەکدا یەکێتی و یەکڕیزی بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنچینەی هاوخوێنی بووە و ئەندامەکانی [نێو خێزانەکانی ] بنەماڵەیەک بە خۆبەستنەوە بە باوکیان و بە نەوەی یەک باپیرە خۆیان دەناسێنن"( ابراهیم ٢٠٢٠: ١٤٣) . بەردەوامیدان بە ناوی باب و باپیران لە ڕێگەی پارێزگاریکردن لە پێگە و دەسەڵاتی بنەماڵە لە نێو کۆمەڵگەی گونددا، گرنگترین ئامانجی بازنەی خزمایەتی بووە لە بەرەی باوک، ئەمەش هۆکار بووە کە بنەمای هاوخۆینی لە نێو خزمان، لە چوارچێوەی داب و نەریت، ئەرک و مافی دەخستە ئەستوی باوک و دایک و ئەندامانی خێزان؛ بە تایبەت باوکی خێزان کە بە نوێنەری خێزان دەبینرا لە بارەی بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵە و بەپێی داب و نەریت لە چوارچێوەی ئەرک ئەوا باوک دەبوایە هەوڵ بدات کە یەکڕیزی بنەماڵە لە لایەن ئەندامانی خێزان ڕێزلێگیراو بێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخۆمەر،٢٠٢٥).

پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە لە نێو گوندنشیناندا، لەسەر بنەمای هاوخوێنی، ئەرکی

دەستبەرکردنی یەکریزی لە ئاستی بنەماڵەدا ئێجگار بایەخدار بووە، لە بەر ئەمەش گەورە و ریش سپییەکان هەوڵییان دەدا، بۆ هینانەدی یەکرێزیی لە نێو بنەماڵەکەیاندا، بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی بنەماڵە و بەردەوامیدان بە ناوی باب و باپیران. هەر بۆ ئەم ئامانجەش، گەورەی بنەماڵەیەک دەبوایە بەرپرسیاریەتیی گشتی و بە کۆمەڵ لە نێو ئەندامانی بنەماڵەدا جێگیر بکات. هەروەها گەورەی بنەماڵە و ریش سپییەکان بە ڕاوێژی نێوانیان کاریان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەدا ( ابراهیم٢٠٢٠: ١٥٠-١٥٢).

بە تێروانین لەوەی کە لە کوردستان کۆمەڵگەیەکی باوکسالارە، لەسەر بنەمای بنچینەی بوونی خوێنی باوک، ئەوا خێزان یەکەمین ناوکی گرۆپەکانی کۆمەلایەتییە تا دەگاتە بنەماڵە و بەرەباب و وجاخ، هەربۆیەش باوک دەبوایە هەوڵ بدات کە لە پێگەی سەرۆکی خێزان یاخۆد هەمان ماڵخۆی ماڵێ، ناوی باب و باپیرانی و پێگەی بنەماڵەکەی بمینێت. و هەر لەسەر بنەمای ئەم ئەرکەیە کە یەکێک لە ئامانجەکانی ژن هێنان، بەردەوامیدان بووە بە مانەوەی ناوی باب و باپیران و پێگەی بنەماڵە (چاوپێکەوتن لەگەڵ قادرئاغا، ٢٠٢٥). لەم بارەوە ئیبراهیمی (٢٠٠١:٦٥-٦٦) دەنووسێت کە لە ژیانی گوند زۆربەی پیاوان بۆیە هاوسەرگیری دەکەن تا ناوی بنەماڵەیان هەر بمێنێت، تەنانەت هێندی خەڵک پێیان وایە کە ئەگەر منداڵیان نەبێت، ئامانجی ژنهێنانیان بەدی نەهاتووە. بەپێی داب و نەریت ئەگەر مێردەک ژنەکەی نەزۆک بێت، مافی ئەوەی هەبووە کە ژنی دیکەی بهێنیت بۆ ئەوەی منداڵیان هەبێت و وجاخیان کوێر نەبێت. لە میانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ساڵح خەڵکی دەڤەری زێبار، تێبینیمان کرد کە ئەم ئەرکەی باوکی خێزان ڕەنگیداوەتەوە لە بارەی هاوسەرگیری منداڵەکانی بە تایبەت کوڕەکانی، چونکە باوکی خێزان هەر وەک ئاماژەمان پێدا دەسەلاتی هەبووە لە بارەی ژیانی ئەندامانی خێزان، بۆیەش هەوڵیداوە کە کوڕەکان و کچەکانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی بکەن (چاوپێکەوتن لەگەڵ ساڵح،٢٠٢٥). ئەرکی بەردەوامیدان بە ناوی باب و باپیران و پێگە و دەسەلاتی بنەماڵە کە لە دەرئەنجامی یەکریزی نێوان خزمانی هاوخوێن دەهاتە کایەوە هۆکار بووە کە هاوسەرگیری کوڕەمام لەگەڵ کچەمام، بە پێی داب و نەریت باو بێت لە کۆمەڵگەی گوند (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلا، محەمەد٢٠٢٥). نیکیتین دەنووسیت کە لە نێو کوردەکان هاوسەرگیری ناوخۆیی باو بووە، بۆیەش ئەوانەی دەچن لە دەرەوەی بنەماڵە ژن دەهێنن لە لایەن کەس و کاریان سەرزەنشت دەکرێن بەوەی کە بۆچی هاوسەرگیریت لەگەڵ کچە مامێکی خۆت نەکرد، چووی بێگانەت خواست؟. (Nikitine1956:108)

بایەخی پێگەی باب و باپیران لە هزری گوندییەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، لەم گێرانەوەی مەلائەحمەد سدیق ساڵح خەڵکی پریسە لە دەڤەری زێبار، کاتێ گووتی کە گوندەکەمان لەسەر گردەکی بەرز بوو، داوام لە مامی خۆم کرد کە شوێنی گوند بگوازینەوە بۆ کەنار زێی گەورە، چونکە ئێمە لێرە تەنیا لە وەرزی بەهار ئاومان هەیە، و لە وەرزەکانی دیکە دەبی بچینە سەر ڕووبار و ئاو بگوزینەوە لەسەر پشتی کەر یان هێستر. مامم بە تورەییەوە گووتی، چون دەبی شوێنەواری باب و باپیرانمان بە جێ بهێلین، هەموویان لێرەن، مەبەستی لە گورستانی گوند بوو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ساڵح،٢٠٢٥).

بە پێی چاوپێکەوتنەکانمان ئەرکی بەردەومیدان بە ناوی باب وباپیران، و پێگە و دەسەلاتی بنەماڵە لە

کۆمەڵگەی گوند، لە دوای باوک، دەکەوتە ئەستوی کورانی خێزان (واتە ڕەگەزی نێر)، چونکە لەسەر بنچینەی خوێنی باوک کە بنەمای باوکسالارییە، کورانی خێزانەک کە لە داهاتوودا پاش هاوسەرگیری دەبوونە 'باوکی خێزان'، دەبوایە ئەم ئەرکە لە ئەستو بگرن، هەر لەسەر بنەمای ئەم ئەرکەش میرات تەنیا بە ڕەگەزی نێر دەدرا (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبابەکر٢٠٢٥ زاهێر٢٠٢٥؛ سەلیم٢٠٢٥). بۆ ڕوون کردنەوەی هۆکاری گواستنەوەی ئەم ئەرکە لە باوکەوە بۆ کوڕ، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بدەین بە نووسینی کولمن و واتسون کە پێیان وایە ئەم کردارە یەکێکە لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەی‌انەی کە تەنیا یەک بەرەی خزمایەتی (لێرەدا بەرەی باوک ) ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە دەستنیشانکردنی گرووپی کۆمەڵایەتی، و لەسەر بنەمای یەک بەرەی خزمایەتی کاروباری پەیوەندیدار بە خاوەندارییەتی و ئەرک و مافەکانی تاک و پێگەی کۆمەڵایەتی و میراتی کەسی کوچکردوو بە ڕوونی دیاریکراون (کولمن و واتسون ١٣٨١:٦٢). هەربۆیەش ئەم ئەرکەی بەردەوامیدان بە ناوی باب وباپیران و پارێزگاریکردن لە پێگە و دەسەڵاتی بنەماڵە ناخرێتە ئەستووی ڕەگەزی مێ، لە بەرئەوەی خوێنی کچ واتە هەمان دایکی خێزان لە ئایندەدا نەدەبووە بنچینە بۆ دروستبوونی گرووپی کۆمەڵایەتی هەر لە خێزان تا بنەماڵە و ... ؛ و لە دەرئەنجامدا بەپێی داب و نەریتی دابەشکردنی میرات، میرات نەدەدرایە ڕەگەزی مێ، و تەنیا دەدرا بە ڕەگەزی نێر واتە کورانی خێزان.

تێبینیمان کرد کە ئەرکی بەردەوامیدان بە ناوی باب وباپیران و پێگە و دەسەڵاتی بنەماڵە، بە ڕادەیەک گرنگ بووە کە ئەگەر هاتوو لە دوای مەرگی باوک، هیچ کەس لە ڕەگەزی نێر واتە کوڕ یان نەوەی لە نێو خێزاندا نەبوایە و تەنیا کچیان هەبووایە، ئەوا داب و نەریت وای دەخواست کە میراتی کەسی کوچکردوو لەسەر بنەمای هاوخوێنی بدرێتە برا و برازا و مام و کوڕەمام و نەوەی مامی کەسی مردوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر،٢٠٢٥ عەزیز،٢٠٢٥). ئەم بیرکردنەوەی گوندییەکان لە بارەی ڕەگەزی مێ کە ناتوانێت بەردەوامی بدات بە ناوی باب و باپیران بە تەواوی لە بڕگەی کۆتایی قسەیەکی نەستەقی خەڵکی دەڤەری دەشتا زێ بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێ دەڵێت: ' گێرات[٧] نە دارە، نێرگێز نە بهارە، کچ نە شوێنەوارە'، واتە کچ نابێتە هۆی مانەوەی ناو و شوێنی باب و باپیران.

سەرنجمان داوە کە لە بەرئەوەی ئەم ئەرکەی بەردەوامیدان بە ناوی باب و باپیران و پێگە و دەسەڵاتی بنەماڵە، دەبوایە لە لایەن گشت ئەندامانی خێزان ( نێر و مێ ) ریزلێگیراو بێت، بۆیەش سەرەڕای دیاریکردنی بەشە میراتی ڕەگەزی مێ بە پێی شەریعەتی ئیسلام، بەڵام تەنانەت خۆدی کەسانی ڕەگەزی مێ لە نێو خێزاندا داوای بەشی خۆیان نەکردووە، هۆکارەکەشی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پارێزگاریکردن لە شکو و دەسەڵاتی ماڵە باوک و بنەماڵە بووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەقۆ ٢٠٢٥، زاهێر ٢٠٢٥، ئەحمەدخان٢٠٢٥) مەلامەحمود بایەزیدی، نووسەری کورد لە سەدەی نۆزدەهەم، لە کتێبەکەی بە ناونیشانی 'عادات و رسووماتنامەی اکرادیە' ئاماژەی بەم نەریتەی کورد کردووە و نووسیویەتی کە ژنان میراتی خێزانی باوکیان وەرناگرن، بەم جۆرە ئەو میراتە دەگەڕێتەوە بۆ براکانیان یان بۆ کوڕەمامەکانیان ( Bayazidi, 2015:75).

## ٢- کاریگەری سیستەمی ئابووری گوندنشینان

٧ جۆرێکە لە دوەن لە شێوەی ڕووەکی کفر.

به سەر داب و نەریتی دابەشکردنی میرات و بێبەشکردنی ڕەگەزی مێ لە میرات

سەبارەت بە هۆکاری ئابووری و کاریگەرییەکەی بەسەر بابەتی بەشە میراتی ڕەگەزی مێ، پێویستە سەرەتا بگووترێت کە بەپێی چاوپێکەوتنەکانمان، ئابووری گوندنشینان لە جۆری کشتوکاڵی و نیمچەئاژەڵداری بووە، و کارەکانی چاندن و لەوەڕاندنی مەڕومالات تەنیا سەرچاوەی بژێوی خەڵک بوون، هەربۆیەش زەوی و زار و مەڕومالات لە نێو گوندنشینان بایەخی ئێجگار گرنگی ئابووریان هەبووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخۆمەر٢٠٢٥، محەمەد ٢٠٢٥).

لەم جۆرەی ئابووریدا "خێزان لە کۆمەڵگەی گوندنشین بە یەکەیەکی ئابووری تەواو دادەنرێت" (عــیــزەت ٢٠١٤:٩٨)، لە نێو کۆمەڵگەی گونددا کە پێکهاتەی خێزان لەسەر بنەمای کولتووری باوکسالاری لە جۆری خێزانی بەرفراوان بووە، بە پێی چاوپێکەوتنمان، لەم یەکەیەی ئابووریدا باوکی خێزان دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە، ئەو و کوڕە بە ژنەکانی، گشت کارەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزان بەڕێوەدەبرد (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرخۆ،٢٠٢٥، سەلیم ٢٠٢٥). هەر چەند کە خۆدی خێزان یەکەیەکی ئابووری سەربەخۆ بووە، بەڵام تێبینیمان کردووە کە زەوی و زار و لەوەڕگەکان واتە سامانی نەگواستراوەی (اموال غير منقولة) هەر خێزانێک لە چوارچێوەی سنووری زەوی و زاری بنەماڵەکەی لە گوند هەژمار دەکرا، لە بەرئەوەی هەر خێزانێک ئەو موڵکەی بە میرات وەرگرتووە کە لە پێشدا موڵکی باپیرەیان یاخۆد دامەزرێنەری بنەماڵەکەیان بووە و بە میرات بۆ خێزانە پێکهێنەرەکانی بنەماڵەکە ماوەتەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ زاهێر ٢٠٢٥). لەم بارەوە توێژەری پسپۆڕ لە بواری کوردناسی 'ڤان برونسن' هێما دەدات کە ئابووری خێزانی بەرفراوان لە کوردستان بە شێوەی سەربەخۆ و لە ژێر سەرپەرشتی باوکی خێزان و هاوکاری کوڕە بە ژنەکان بەڕێوە دەچوو، بەڵام تێبینی حاڵەتەکی دەگمەنی کردووە لە بارەی بایەخی ئابووری سنووری زەوی و زار و پاوانی بنەماڵە، و دەنووسێت کە لە ناوچە دەشتاییەکانی کوردستان، گشت زەوی و زار و سامانی ئاژەڵی ئەندامانی بنەماڵە کە لە باپیرەیان مایەتەوە ئەوا گەورەی بنەماڵە بەڕێوەیان دەبات و داهاتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەنێوان خێزانەکان دابەش دەکات ( Van Bruines-sen 1992:53 ). هەرچەند کە هەبوونی یەکەیەی ئابووری لە ئاستی بنەماڵەدا حاڵەتی دەگمەن بووە، بەڵام تێبینیمان کردووە کە لە نێو گوندنشینان، بە هێمای هەبوونی پاڵپشتی ئابووری نێوان ئەندامانی بنەماڵە لەسەر بنەمای هاوخوێنی، گشت خێزانەکانی نێو بنەماڵە، دەیانتوانی سوود وەرگرن لە زەوی و زاری یەکدی بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان لە چوارچێوەی مافی بەکارهێنان (حق التصرف). عیماد خورشید ئەحمەدخان ڕوونی کردەوە کە دەکرا کوڕەمامی باوکم زەوی و زاری باوکم بەکاربهێنێت بۆ چاندنی گەنم لە ساڵێکدا و باوکم بە هەمان شێوە زەوی و زاری ئەو بە کاربهێنێت، لە بەرئەوەی ئێمە لە یەک بنەماڵە بووین (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەدخان،٢٠٢٥). لە دیدی گوندنشینەکان ئەو زەوی و زار و پاوانەی کە بە میرات بۆیان مایەتەوە، نەک تەنیا شوێنی بەدەستهێنانی بژێوی ژیان بووە، بەڵکو هێمای دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی بووە لە نێو کۆمەڵگەی گونددا، ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی کە ڕەوایەتیی خاوەندارییە موڵکی تایبەت بۆ خاوەنەکەی واتە باوکی خێزان بایەخێکی گرنگی کۆمەڵایەتی هەبووە، چونکە

ڕەوایەتیی ئەم خاوندارێتییە لەوە دەهات کە زەوییەکە میراتی باب و باپیرانی بووە، هەروەها زەوی و زار هۆکاری بەردەوامی و نەمریی ڕەسەنایەتیی باب و باپیران و ڕەوایەتیی بەخشینە بە ئەوانەی زیندوون ( ابراهیم٢٠٢٠:٢٦٢). ئەمەش هۆکار بووە کە گوندییەکان چ لە ئاستی خێزانی بەرفراوان و چ لە ئاستی بنەماڵەدا هەولیان داوە بۆ پارێزگاریکردن لە موڵکی باب و باپیرانیان لەسەر بنەمای هاوخوێنی لە بەرەی باوک، بۆیەش ڕەگەزی مێ بێ بەش بووە لە وەرگرتنی میرات (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسماعیل،٢٠٢٥؛ سەلیم،٢٠٢٥؛ محەمەد،٢٠٢٥). هەروەها هۆکاری دیکەی ئەم بێ بەش بوونەی ڕەگەزی مێ کە دیسان ریشەی لە سروشتی باوکسالاری خێزاندا هەبووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەروەک ئاماژەمان پێدا باوکی خێزان خاوەنی هەموو سامانی خێزان بووە، ئەگەر هاتوو بە پێی یاسای میرات پشکی کچ لە زەوی و زار بدرایە، ئەوا بە گوێرەی داب و نەریت مێردی کچەکە دەبووە خاوەنی زەوی و زار چونکە ئەو دەسەلاتداری ڕەها بووە لە نیو خێزانەکەیدا. لەم بارەوە عەبدوڵلا مستەفا شێخۆمەر گووتی کە گوندنشینان ئامادە نەبوون زاوایان کە لەوانەیە لە بنەماڵەیەکی دیکە یان خەڵکی گوندیکی دراوسێ بێت، ببێتە خاوەنی زەوی و زار یان پاوان لە نێو سنووری موڵکی خێزانی باوکایەتی و بنەماڵە، لە بەرئەوەی دەبووە هۆی لاوازبوونی دۆخی ئابووری خێزان و ئینجا بنەماڵە، هەروەها شیمانەی ڕوودانی کێشەی کۆمەلایەتی دەکرا و دەبووە هۆی تێکچوونی یەکرێزی نیوان ئەندامانی خێزان تا دەگاتە بنەماڵە کە هەموویان هاوخوێن بوون (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخۆمەر٢٠٢٥). دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین تەنانەت ئەگەر کچ هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕەمامی بکردایە، دیسان میراتی پێ نەدەدرا، چونکە خێزان یەکەی سەربەخۆی ئابووری بووە، پشکداری زاوا ئەگەرچی برازای کەسی کوچکردوو بوایە ئەوا بە هۆکاری لاوازی ئابووری خێزانی باوکایەتی هەژمار دەکرا (چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد٢٠٢٥، فەقێ٢٠٢٥). لایەنی ئابووری ئەم داب و نەریتەی گوندییەکان لە قسەیەکی نەستەقی دەڤەرەکانی باڵەکی و سورچی و بارزان و زێبار گوزارشتکراوە کاتێ دەڵێت "کیژ ماڵێ خەڵکێنە، کوڕ زێڕێ بابێنە" کە هێمایە بۆ ئەوەی کچ دەبێتە بەشێک لە خێزانی خەڵک، بەڵام کوڕ هەر لە ناوماڵی باوک دەمینێتەوە. هەروەها قسەیەکی نەستەقی دەڤەرەکانی زێبار و بارزان دەڵێت: "ماڵێ بابێ، یێ کوڕییە" بەو واتەیەی کە سامانی باوک هەر بۆ کوڕ دەمینێتەوە.

تێبینیمان کردووە بە گوێرەی داب و نەریت، لەو حاڵەتەی کە خێزانەک ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵی هەبوایە واتە سامانی گواستراوە ( اموال منقولة) دیسان بەشە میراتی ڕەگەزی مێ نەدراوە ، چونکە مەڕوماڵات کە بریتی بوون لە بزن، مەڕ، گا و مانگا، بە سامانەکی ئێجگار گرنگی مادی سەیر دەکرا، لە بەرئەوەی سەرچاوەیەکی سەرەکی دەرامەت و هێمای ئابووری بە هێزی خێزان بووە. هەر بۆیەش گوندییەکان بۆ گوزارشت کردن لە ژمارەیەکی زۆری مەڕوماڵات وشەی 'دەوڵەت'- یان بەکاردەهێنا، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی عەرەبی 'دولة' وەرگیراوە و مانای سامان ودارایی گواستراوە دەدات ( مألوف١٣٨٤:٥٠٢)؛ مام هەژار لە هەنبانە بۆرینە واتەی دارایی و سامانی ئاژەڵداریی دادەنێت بەرانبەر بە وشەی دەوڵەت (هەژار ٢٠٠٣:٣٣٠).

کەواتە بەپێی داب و نەریت، ڕەگەزی مێ لە سامانی گواستراوە و سامانی نەگواستراوە ( اموال منقولة و اموال غير منقولة) لە میراتی خێزان بێبەش بووە.

سەبارەت بەهۆکاری پێنەدانی سامانی گواستراوە و نەگواستراوە کە هەر یەکە لەسەرەوە ئاماژە پێدراوە، ئەوا هۆکاری دیکەی هاوبەش لە بارەی هەر دوو جۆری سامان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر خێزانەک ئابوورییەکی بە هێزی هەبوایە، ئەوا دەستەبەری مانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیەکەی بووە. ئەمەش هۆکار بووە کە بە پێی داب و نەریت تەنانەت خۆدی ژن یان کچ، داوای بەشە میراتی خۆی نەکردووە بۆ ئەوەی کە هێزی ئابووری برایەکانیان لاواز نەبێت، و بتوانن بەردەوامی بدەن بە ناوی باب و باپیران. ئەم نەریتەی داوانەکردنی بەشە میرات لە لایەن ڕەگەزی مێ تا ئەمرۆش بەردەوامە، لە کاتی چاوپێکەوتنمان لە گەڵ عەتیا ڕەسولخان قادرئاغا لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی داوای بەشەمیراتی خۆی نەکرد؟ ئەو لە وەڵامدا گووتی پێم شەرم بوو داوا بکەم، حەز دەکەم برایەکانم بە سەربڵندی بژین و باری ئابوورییان لاواز نەبێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ قادرئاغا،٢٠٢٥ ). تێبینیمان کرد کە ئەگەر ژن داوای بەشە میراتی خۆی بکردایە، لە نێو کۆمەڵگەدا بە دڵسوز نەبوون دەبینرا لە بەرانبەر براکان و ماڵە باوکیان، بۆیەش تەنانەت ئەگەر ژنێک داوای کردبوایە سەرزنشت دەکرا (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەقۆ ،٢٠٢٥). ئەم هەڵوێستەی ڕەگەزی مێ تا سەردەمی ئێستاش هەر بەردەوامە و زۆرینەی ژنان داوای مافی میراتی خۆیان ناکەن، ئەمەش لە بەر دوو هۆکار، یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریت و دووەمیان ڕوونەدانی کێشەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ براکانیان (گوڵان میدیا،٢٠١٧)، هەر چەند کە ژمارەیەکی کەم لە ژنان داوای بەشە میراتی خۆیان دەکەن، لەسەردەمی ئێستادا و بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبنە بەر دادگا، سەرەڕای ئەوەی کە توشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبن لەگەڵ براکانیان (عەزیز٢٠٢٥).

بە هەمان شێوەی خەڵکی کوردستان، ئەم داب و نەریتەی کە خودی ژن بەشە میراتی وەرناگرێت لە نێو ژنانی ولاتی ئەفغانستانیش هەیە و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕوانگەی ژن داواکردنی بەشە میرات بە کردارێکی نەشیاو دزانرێت بۆ پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، لە بەر ئەوەی لە دیدی کۆمەڵگەی ئەفغانستان داواکردنی بەشە میرات لە لایەن ژن بە کارێکی نامۆ دەبینرێت، چونکە گوزارشتە بۆ ئەوەی کە خەمخوری خێزانی باوکایەتیان نین و لەئەنجامدا داواکردنی بەشە میراتی دەبێتە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژن لەگەڵ خزمانی هاوخوێنی. هەروەها ژنان لە ئەفغانستان وەرنەگرتنی بەشە میراتیان بە هێمای هاوکاری و دڵسوزی دەبینین بۆ برا و برازاکانیان( جهیر٢٠٢٠: ٦٦و٦٩).

دەبی بگووترێت کە باوکی خێزان هەمیشە بیری لەوە کردووتەوە کە پێگەی کۆمەڵایەتی خێزانەکەی بە پالپشتی ئابوورییەکی بە هێز بمێنیت. بۆیەش بۆ باوک لە ژیاندا پڕبایەخترین بابەت پێگەی کۆمەڵایەتی و یەکریزی خێزان بووە، ئەگەر کوڕەکانی یان کوڕێکی لە نێو کۆمەڵگەدا ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هۆکاری لە دەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی خێزان بوایە یان ملکەچی بڕیارێکی ئەو نەبوان، بەو ڕادەیەی کە باوک هەست بکات ئەم کوڕەی هۆکاری تێکچوونی یەکریزی خێزانە، ئەوا بە پێی داب و نەریت باوک دەیتوانی کوڕەکانی یان کوڕێکی بێبەش بکات لە میرات (چاوپێکەوتن لەگەڵ زاهیر، ٢٠٢٥؛ سەلیم ڕەمەزان سەلیم ،٢٠٢٥؛ محەمەد،٢٠٢٥). بەم نەریتە دەگووترێت 'زربار' کە وشەیەکی لێکدراوە، و لە ڕووی زمانەوانییەوە 'زر' بە واتای 'وشک یان داری بەر کە بەر نەهێنی' دەهێت و 'بار' بە مانای 'بەر

یاخۆد هەمان بەش' دهێت (هـــەژار،٢٠٠٣:٣٧٥ و ٧٠). ئەم نەریتە لە حەکایەتەکی فولکلۆری دەڤەری دەشتازێ ئاماژەی پێکراوە لە کتێبی ' چیروکێن میللیێن کوردی '( شێلازی ٢٠٠٥:٧٧-٧٨).

لە چاوپێکەوتنەکانماندا تێبینیمان کرد کە ڕەگەزی مێ تەنیا لە یەک حاڵەتدا دەبووە میراتگری باوکی خێزان، ئەویش کاتێ باوک، نە کوڕی هەبوایە و نە هیچ خزمێکی ڕەگەزی نێر لە نێو بنەماڵەکەیدا هەبوایە. لەم حاڵەتەدا میرات دەدرایە ڕەگەزی مێ واتە کچ یان کچەکانی، و ئەگەر کەسی کوچکردوو کچی نەبوایە ئەوا میرات دەدرایە خوشکەکانی؛ ئەمەش تەنیا لەسەر بنەمای هاوخوێنی لەگەڵ کەسی کوچکردووە، و نەک لە پێناو بەردەوامیدان بە ناوی باب و باپیران و پارێزگاریکردن لە پێگەی بنەماڵە. ئەم حالەتە لە گوندی زۆرەگڤان لە دەڤەری بارزان هەبووە کاتێ لە ساڵی ١٩٤٥، لەسەردەمی شۆڕشی بارزان، فرۆکەکانی بەریتانی گوندی زۆرەگڤانیان بوردومان کرد، کەسێک بە ناوی میرخان کە خاوەنی زۆربەی زەوی و زاری گوند بوو، تاقانە کوڕەکەی بە ناوی محەمەد شەهید دەبێت، بۆیەش پاش کوچی دوایی، میرخان میراتەکەی لە نێوان چوار کچەکەی بە شێوەی یەکسان دابەش دەکات (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبابەکر،٢٠٢٥ ). پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم تەنیا حالەتەی وەرگرتنی میرات لە لایەن کچی خێزان، لە نێو عەرەبە بەدووەکانیش بە پێی داب و نەریت جێبەجێ دەکرا، و بە هەمان شێوەی گوندنشینانی کوردستان، بەو مەرجە بووە کە لە نێو خێزانی کەسی کوچکردوو و بنەماڵەکەی هیچ کەسی ڕەگەزی نێر نەبێت ( Chelhod 1971:136) .

سەبارەت بە هاوسەری کەسی کوچکردوو یاخۆد هەمان دایکی خێزان و دایکی کەسی کوچکردوو لە چوارچێوەی کەسانی ڕەگەزی مێ، تێبینی کراوە کە ئەوانیش بەشە میراتیان پێنەدراوە؛ بەڵام لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە دایک و باوک، بە پێی داب و نەریت ئەرکی بەخێوکردنی دایک و باوک لە ئەستوی کوڕانی خێزان بووە، بۆیەش هاوسەر و دایکی کەسی کوچکردوو مافیان هەبوو تا کوتایی ژیان لە خانووی خێزان بمیننەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید ٢٠٢٥، عەلی ٢٠٢٥). ئەم ئەرکە بە گوێرەی داب و نەریت لە ئەستوی کوڕی بچوکی خێزان بووە، هەروەها دەکرا لە ئەستوی کوڕی گەورە بێت، کە بەمەش بارگرانی ئابووری زیاتر لەسەر شانی دروست دەبوو، هەربۆیەش داب و نەریت وای دەخواست کە بەشە میراتی کوڕی بچوکی خێزان (یان کوڕی گەورە) زیاتر بێت لە براکانی و ئەم زیادەش بریتی بووە لە خانووی خێزان و کەلوپەلی ناو ماڵ ( ابراهیم و مەعروف ٢٠٢٥: ٤٧). بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی گوند لە کوردستان، لە نێو گوندنشینانی هیندستان لەسەر بنەمای کولتووری باوکسالاری، ژن لە دوای مەرگی باوکی خێزان، بەپێی داب و نەریت تەنانەت ناتوانێت لە نێو خانووی خێزان بمێنتەوە، ئەگەر هاتوو منداڵی نەبوایە یان تەنیا منداڵی کچی هەبوایە، تەنیا لەو حاڵەتە نەبێت کە کوڕی هەبوایە. ئەمەش لە بەر ئەوەی خزمانی کەسی کوچکردوو ڕاستەوخۆ پاش مەرگی باوکی خێزان، داوای بەشە میراتی خۆیان دەکەن، هەرچەند کە خێزانەکە کچی هەبێت، بۆیەش خێزانی کەسی کوچکردوو ئاوارە دەبوو (سالار زایی، صابردوست ١٣٩٣:٥٤).

ئەنجامەکان

ڕێساکانی پەیڕەوکراو لە بارەی دابەشکردنی میرات لە نێو کۆمەڵگەی گوندنشیندا، تا ئەم سەردەمەش بە هۆی باڵادەستی داب و نەریت بەسەر یاسای بەرکار، ڕەگەزی مێیان بێبەش کردووە لە وەرگرتنی بەرکەوتەی میراتیان. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

لە کۆمەڵگەی گوندنشیندا داب و نەریت ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگە بووە، و بابەتی دابەشکردنی میرات بە تەواوی بەستراو بووە بە دوو هۆکار: یەکەمیان سروشتی خێزان و دووەمیان سیستەمی ئابووری گوند؛ و هەر دووکیان لە ژێر کاریگەری کولتووری باوکسالاری تێکهەڵکێشی یەکتر و بنیاتنەری بەربەستی داب و نەریت بوون لە بەردەم ڕەگەزی مێ بۆ وەرگرتنی بەرکەوتەی میراتی.

سروشتی خێزان لە نێو گوندنشیناندا، خێزانی باوکسالاری بووە، لە بەرئەوەش باوکی خێزان دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و گوزەرانی ئابووری ئەندامانی خێزان. سەرچاوەی کولتووری باوکسالاری دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدان بە خزمایەتی لە بەرەی باوک، چونکە بنچینەی خوێنی باوک بنەمای پێکهێنانی گرۆپی کۆمەڵایەتی بووە هەر لە خێزانەوە تا دەگاتە بنەماڵە و بەرەباب و وجاخ. لەسەر بنەمای بایەخدان بە خزمایەتی لە بەرەی باوک، داب و نەریتی پەیوەندیدار بە خاوەندارییەتی و ئەرک و مافەکانی تاک و پێگەی کۆمەڵایەتی و میراتی کەسی کوچکردوو ڕێکخراون.

هەموو ئەندامانی نێو خێزانەکانی بنەماڵەیەک پێکەوە گرێدراون، لە ڕێگەی خۆبەستنەوە بە باوکیان و ئینجا خۆناساندنیان بە نەوەی یەک باپیرە. لەم بارەشەوە ئەرکی باوکی خێزان بەردەوامیدان بووە بە ناوی باب وباپیران و پارێزگاریکردن لە پێگە و دەسەڵاتی بنەماڵە، و دوای باوکی خێزان ئەم ئەرکە لەسەر بنەمای بنچینەیی بوونی خوێنی باوک، دەکەوتە ئەستۆی کوڕانی خێزان کە لە پاش هاوسەرگیری دەبوونە باوکی خێزان، بۆیەش بەپێی داب و نەریت، میرات بە شێوەی یەکسان تەنیا بە کوڕانی خێزان دەدرا، بە ڕەگەزی مێ نەدەدرا، لە بەرئەوەی خوێنی کچ واتە هەمان دایکی خێزان لە ئایینداد نەدەبووە بنچینە بۆ دروستبوونی گرووپی کۆمەڵایەتی.

داب و نەریت وای دەخواست، ئەگەر هاتوو لە دوای مەرگی باوکی خێزانەکە هیچ کەس لە ڕەگەزی نێر واتە کوڕ یان نەوەی لەنێو خێزاندا نەبوایە و تەنیا کچیان هەبوو، ئەوا میراتی کەسی کوچکردوو لەسەر بنەمای هاوخوێنی بدرێتە برا و برازا و مام و کوڕەمام و نەوەی مامی کەسی مردوو.

سەبارەت بە سیستەمی ئابووری خەڵکی گوندەکان، دوو تایبەتمەندی هەبووە: یەکەمیان کشتوکاڵی و نیمچە ئاژەڵداری بووە، و دووەمیان خێزان بە یەکەیەکی سەربەخۆی ئابووری دانراوە، کە لە ژێر کاریگەری کولتووری باوکسالاری، باوکی خێزان خاوەنی گشت سامانی گواستراوە و نەگواستراوی خێزانەکە بووە. بنەمای هاوخوێنی لە بەرەی خزمانی باوک بە تەواوی لە ئابووری گوندنشینان ڕەنگی دابووەوە، لە بەر ئەوەی بابەتی ڕەوایەتی خاوەندارییی زەوی و زار لە هزری گوندنشینان، تەنیا لە چوارچێوەی بەدەستهێنانی بژێوی نەبووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا هێمای دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی بنەماڵە بووە لە نێو کۆمەڵگەی گونددا، چونکە زەوی و زار، میرات و هێمای ڕەسەنایەتیی باب و باپیران و هۆکاری ڕەوایەتیی بەخشینە بە ئەوانەی زیندوون. بۆیەش

ئەندامانی خێزان و بنەماڵە، دەبوایە پارێزگاری لە خاوەندارێتی موڵکی باب و باپیرانیان بکەن. ئەم ئەرکەش لەسەر بنەمای بنچینەی بوونی خوێنی باوک بووە؛ و لەم پێناوەشدا بە پێی داب و نەریت خاوەندارێتی موڵکی باب و باپیران مافی کوڕ بووە و ڕەگەزی مێ بێبەشبووە لە وەرگرتنی میرات، چونکە ئەگەر کچ میراتی وەربگرتایە، ئەوا بە گوێرەی داب و نەریت و لەسەر بنەمای سروشتی باوکسالاری خێزان، مێردی کچەکە دەبووە خاوەنی زەوی و زار و ئەمەش دەبووە هۆکاری لاوازبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و هێزی ئابووری خێزان و بنەماڵەی کچەکە.

هۆکاری سەرەوە لە بارەی سامانی گواستراوەش واتە مەڕوماڵات بە هەمان شێوەی سامانی نەگواستراوە بەرجەستەیە، چونکە مەڕوماڵات هێمای ئابوورییەکی بە هێزی خێزان بووە، لە بەر ئەوەش بەشە میراتی ڕەگەزی مێ نەدراوە لە سامانی ئاژەڵ. هەر لە بەر ئەم هۆکارانەش بووە کە بە پێی داب و نەریت، خۆدی ڕەگەزی مێ، داوای بەشە میراتی خۆی نەکردووە.

بە گوێرەی داب و نەریت، ڕەگەزی مێ تەنیا لە یەک حاڵەتدا دەبووە میراتگری باوکی خێزان، ئەویش کاتێ باوک، نە کوڕی هەبوایە و نە هیچ میراتگرێکی تری ڕەگەزی نێر لە نێو بنەماڵەکەیدا؛ لەم حاڵەتەدا میرات دەدرایە ڕەگەزی مێ واتە کچ یان کچەکانی، و ئەگەر کەسی کوچکردوو کچی نەبوایە، میرات دەدرایە خوشکەکانی، ئەمەش تەنیا لەسەر بنەمای هاوخوێنی لەگەڵ کەسی کوچکردووە، نەک بەردەوامیدان بە ناوی باب و باپیران و پارێزگاریکردن لە پێگەی بنەماڵە.

هاوسەری کەسی کوچکردوو و دایکی کەسی کوچکردوو، بەشە میراتیان نەبووە، بەڵام لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە دایک و باوک کە بەهایەکی کولتوورییە، بە پێی داب و نەریت کوڕانی خێزان، زۆربەی جار کوری بچوک، دەبوایە ئەرکی بەخێوکردنی دایک و باوک لە ئەستو بگرن.

## پێشنیازەکان

دوای ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان و گەیشتن بەو دەرئەنجامی کە تا ئەم سەردەمەش لە نێو گوندنشینیاندا، زۆرینەی ڕەهای ڕەگەزی مێ بێ بەش کراون لە بەرکەوتەی میراتیان بە هۆی پەیڕەوکردنی داب و نەریت، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێشنیاز دەکەین.

ئێمە نکوڵی ناکەین لە هەبوونی داب و نەریتی گونجاو لەگەڵ بیروباوەری ئایینی و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە ئەرکی بەخێوکردنی دایک و باوک لە تەمەنی بەساڵاچوون لە لایەن کوڕەکانیەوە، بە ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقی، و بەهایەکی کولتووری دایدەنێین؛ بەڵام داب ونەریتی نەگونجاوی وەک دابەشکردنی میرات بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام و یاسا بەرکارەکان، پێویستە ئیتر جێبەجێ نەکرێت.

هوشیارکردنی کۆمەڵگە لەوەی کە ڕەگەزی مێ خاوەنی پێگەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی سەرەکی و هاوبەشی هەیە لە پەروەردەی خێزان، بۆیەش دەبێ مافی ئابووریشی هەبێت و بەرکەوتەی میراتیان پێ بدرێت بەو شێوەیەی کە یاسا دیاری کردووە.

پێویستی دەستەبەرکردنی پشتگیری دام و دەزگای پەیوەندیدار بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکامە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە میراتی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و ڕێگریکردن لەسەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی کە ئەمانە دوو هەنگاوی سەرەکین و پێویستە دام و دەزگاکانی حکومەت لە جێبەجێکردنیاندا ڕۆڵی سەرەکیان هەبێت.

## سەرچاوەکان

به کوردی

-ابراهیم، د.حبیب مصطفی (٢٠٢٠) ڕۆڵی ڕێساکانی داب و نەریت لە ژیانی بارزانییەکان (توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی و مێژووی یاسایە) ،بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

-ابرهیم،د. حبیب مصطفی ابراهیم و مەعروف، بەهزاد محەمەد، (٢٠٢٥) ، ژیان لە گوندی دێلزیان (١٩٥٠-١٩٧٠) ، (توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی و مێژووی یاسایە) ، چاپخانەی کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، سۆران.

-حەسەن، محەمەد فەریق (٢٠٠٨) مێنتەلیتی خێل، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

-زەڵمی،پرۆفیسۆر مستەفا (٢٠٢٤) حوکمەکانی میرات و ڕاسپاردن ومافی گوێزرانەوە لە فیقهی بەراوردکاری ئیسلامی و یاسادا، وەرگێرانی ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد، چاپی چوارەم، چاپخانەی دانیشفەڕ،هەولێر.

-شێلازی، جەمیل محەمەد (٢٠٠٥) چیروکێن میللیێن کوردی،زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپوری کوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

-عیزەت، د.فائیزە محەمەد (٢٠١٤) ژیانی کۆمەڵایەتی کورد، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: سەرمەد ئەحمەد، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

-نوئێل، مێجەر (١٩٨٤) یادداشتەکانی مێجەر نوئێل لە کوردستان، وەرگێرانی حسین احمد جاف و حسین عثمان نیرگسەجاری، چاپخانەی اوفسیت حسام، بغداد.

-ئو.ل. ڤیلچێڤسکی (٢٠١٦) نەژادی کورد، ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد،وەرگێرانی لە ڕووسییەوە: پ.د.ڕەشاد میران، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-ئیبراهیمی، محەمەد صالح (٢٠٠١) کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی، چاپی دووەم،چاپی مستوفی، تاران.

-یاسای ژمارە ١٥ ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ ی هەموار کراو لەهە رێمی کوردستان-عیراق.

-هەژار، (٢٠٠٢) ، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی-فارسی،چاپی سێیەم، دەزگای چاپی سروش، تاران.

-عەزیز، عەمار (٢٠٢٥/١/٢٠) شەرمو دابونەریت ژنانی دهۆکی لەمیرات بێبەش کرد .https://www.awene com/detail?article=120354 (٢٠٢٥/٤/١١).

-گوڵان میدیا (٢٠١٧/٦/١٢) ئافرەتان لە وەرگرتنی میراتیش کێشەیان هەیە، .https://www.gulanmedia com/so/story/175287/1621545351-27833 (٢٠٢٥/٤/١١).

-نەجمەدین، پەیام، (٢٠٢٢/١٠/٢٥) کێ ژنان لە میرات بێبەش دەکات؟ > https://www.kurdiu.org/ en/b/522924 ، (١٠ /٢٠٢٥/٤).

به فارسی

-ابن تراب،مریم (٢٠١٠) نقش عرف در حقوق همسران، فصلنامه فقه و حقوق خانواده، شماره ٥٢،تهران،ایران.

-پانوف، میشل و پرن، میشل (١٣٨٢) فرهنگ مردم شناسی (فەرهەنگی ئەنترۆپۆلۆژیا) ؛ ترجمه دکتر اصغر عسکری خانقاه، انتشارات سمت، تهران،ایران.

-جهیر، عبدالعظیم (٢٠٢٠) زنان و حق میراث، ناشر ریاست تدقیق و مطالعات اسلامی، کابل، افغانستان.

-سالار زایی، امیر حمزه، صابردوست، مینا، (١٣٩٣). ' بررسی ارث زن در قانون و عرف ایران و هندوستان، مطالعات شبه قاره، زاهدان، ایران ١٨- لا: ٤٩- ٦٠٧.

-کولمن ، سایمون،و واتسون ، هلن (١٣٨١) درامدی به انسانشناسی (دەروازەیەک بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا) ،

ترجمە: محسن ثالث، انتشارات علمی، تهران، ایران.
– مألوف، لویس (١٣٨٤) ، المنجد عربی-فارسی، ترجمە محمد بندر ریگی، جلد اول، چاپ پنجم، انتشارات ایران، تهران،ایران.

بە ئینگلیزی

-Van Bruinessen, Martin. 1992. Shaykh Agha and State: The Social and Political Structures of Kurdistan, Zed Books, London.

بە فرەنسی

-Bayazidi, Mahmoud2015 . . Us et coutumes des Kurdes, Traduction de Joyce Blau et Sandrine Alexie, Editions l'Asiathèque, Paris.

-Chelhod, Joseph. 1971. Le Droit dans la société Bédouine, Editions Librairie Marcel Rivière et C, Paris.

-Labourthe-Tolra, Philippe et Warnier, Jean-Pierre, (2007), Ethnologie et l'anthropologie, Quadrige/PUF, Paris.

-Nikitine, Basile. 1956. Les Kurdes, Edition d'Aujourd'hui, Paris.

چاوپێکەوتنەکان

-چاوپێکەوتن لەگەڵ زاهیر، ئەبابەکر عەلی، خەڵکی گوندی هەرن لە دەڤەری زێبار، بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢١.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆر ، حەسەن ، خەڵکی گوندی ماوێلیا لە دەڤەری سورچی، بەرواری٢٠٢٥/٤/٩.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ ساڵح، مەلائەحمەد سەدیق، خەڵکی گوندی پرێسە لە دەڤەری زێبار، بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢٥.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلیم، حەلیما رەمەزان، خەڵکی گوندی چەلکێ لە دەڤەری دەشتازی، بەرواری ٢٠٢٥/٥/١٠.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلیم، رەمەزان سەلیم، خەڵکی گوندی هێتیت لە دەڤەری دەشتا زێ، بەرواری ٢٠٢٥/٥/٢٠.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر، مریەم، خەڵکی گوندی ماوێلیا لە دەڤەری سۆرچی، بەرواری ٢٠٢٥/٤/١٠.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلا، رابیعا مستەفا، خەڵکی گوندی دێلزیان لە دەڤەری باڵەکی، ٢٠٢٥/٦/١٧.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز، محەمەدئەمین، خەڵکی گوندی هوستان لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٥/٥/٢٧.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد، واجیدا رەشید، خەڵکی گوندی سێنجی لە دەڤەری سورچی، بەرواری ٢٠٢٥/٥/٢٣.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبابەکر، رەمزیا عوسمان، خەڵکی گوندی زۆرەگڤان لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٥/٥/٢٠.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبابەکر، ئەحمەد رەشید، خەڵکی گوندی زۆرەگڤان لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٥/٥/٢١.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەدخان، رسمیا عەلی، خەڵکی گوندی چەلکێ لە دەڤەری دەشتازی، بەرواری ٢٠٢٥/٥/١٥.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ زاهێر، زەینەب عەلی، خەڵکی گوندی هەرن لە دەڤەری زێبار، بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢٢.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخۆمەر، عەبدوڵلا مستەفا، خەڵکی گوندی شانەدەر لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢٨.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرخۆ، هەیوەز حەسەن، خەڵکی گوندی ئیسومەرا لە دەڤەری بارزان، بەرواری

.٢٠٢٥/٦/٢٧

- چاوپێکەوتن لەگەڵ فەقێ، فاتما حەسەن، خەڵکی گوندی دەربۆتک لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢٠.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ قادرئاغا، عەتیا رەسولخان، خەڵکی گوندی دێلزیان لە دەڤەری باڵەکی، ٢٠٢٥/٦/١٩

- چاوپێکەوتن لەگەڵ قادرئاغا، مەعروف کەریم، خەڵکی گوندی دێلزیان لە دەڤەری باڵەکی، بەرواری ٢٠٢٥/٦/١٩.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد، رەوشەن رەشید، خەڵکی گوندی هەرن لە دەڤەری زێبار، بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢٢.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد، زاهێر سوفی، خەڵکی گوندی سێنجی لە دەڤەری سورچی، بەرواری ٢٠٢٥/٥/٢٩.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ هادی، سەلیم، خەڵکی گوندی بیرەکەپرا لە دەڤەری زێبار، بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢٣.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسماعیل، شەهوان حەسەن، خەڵکی گوندی بێدارون، لە دەڤەری بارزان،بەرواری ٢٠٢٥/٥/٢٨.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبابەکر، عەبدوڵڵا حەسەن، خەڵکی گوندی دێلزیان لە دەڤەری باڵەکی، بەرواری ٢٠٢٥/٦/١٨

-چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەدخان، عیماد خورشید، خەڵکی گوندی چەڵکێ لە دەڤەری دەشتازێ، بەرواری ٢٠٢٥/٥/١١.

## ملخص

الحصول على نصيب من الميراث حق مقرر قانونيا للرجل والمرأة ، وفقا للشريعة الإسلامية، إلا أن المرأة في اريـاف كردستان تعرضت للحرمان من هذا الحق بسبب العادات والتقاليد. تكمن أهمية هذه الدراسة من منظور التاريخ القانوني والأنثروبولوجية القانونية في توضيح دور العادات و التقاليد في توزيع الميراث في المجتمع الكردي القديم، في ضوء الوضع الاجتماعي والاقتصادي في عدد من القرى الكردية في ستينيات القرن الماضي من أجل عرض الأسباب البناء للعائق العرفي لمنح حقوق الميراث للمرأة في مجتمع الريف الكردستاني. تعتمد هذه الدراسة على منهج تحليلي وتاريخي وميداني، بالاعتماد على المصادر اللازمة، وإجراء المقابلات مع عدد من القرويين؛ تمت هذه الدراسة إلى أن توزيع الميراث كان مرتبطا ارتباطا وثيقا بعاملين: طبيعة الأسرة والنظام الاقتصادي للقرية و كلاهما كان متاثرا بالثقافة الأبوية، وخلقا حاجزا عرفيا أمام حصول الإناث على الميراث.

الكلمات الرئيسية: الميراث، العنصر الأنثوي، النظام الأبوي، العادات والتقاليد، المجتمع الريفي.

Abstract

Receiving a share of inheritance is a legal right granted to both men and women under Islamic Sharia. However, in rural Kurdish society, women have often been deprived of this right due to prevailing customs and traditions. The significance of this study from the perspective of legal history and legal anthropology lies in clarifying the role of customary practices in the distribution of inheritance in traditional Kurdish society, in light of the social and economic conditions in several Kurdish villages during the 1960s, with the aim of presenting the founding reasons for the customary barriers to the granting of inheritance rights to women in rural societies of Kurdistan. Employing analytical, historical, and field methods, and drawing on relevant sources as well as interviews with a number of villagers, the study concludes that the distribution of inheritance was closely tied to two main factors: family structure and the village economic system. Both were shaped by patriarchal culture, whose interwoven elements created structural customary barriers that prevented women from receiving .their rightful share of inheritance
Keywords: inheritance, female gender, patriarchy, custom, rural society